# یەکگرتن

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

×

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**
**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

×××

ناونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر


# یەکگرتن

نووسینی : قودسی قازی نووری
وەرگێرانی : ئەمین گەردیلانی
وێنەکێش: شێروان موحسین

ناوی کتێب: یەکگرتن
نووسینی: قودسی قازی نوری
وەرگێڕانی: ئەمین گەردیلانی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە ٥٣٧
وێنەکێش: شێروان موحسین
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
سەرپەرشتیاری چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم- هەولێر ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە ( ١١٧)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

یەك چكۆڵەترین ژمـارەی شـاری ژمارەكان بوو، بەڵام زۆر زیرەك و وریـا بوو. بـەوردی سەرنجی هەموو شتێكی دەدا. دەیدی كە شار ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ ناخۆشـتر دەبێ و ژمـارەكان بەچارەڕەشی دەژین. كەس ئاگای لێیان نییە و خەمیان بۆ ناخوا. ڕۆژێك چـوو بـۆ لای گەورەكان و گوتی: ئەگەر ئێمە بەیەكەوە كۆببینەوە، دەبینە ژمـارەیەكی گەورە و دەتوانین بۆ شارەكەمان و هاوشارییەكانمان بەكەڵك بین. ژمارە گەورەكان گاڵتەیان پێ كرد و گوتیان:

- تۆ بۆیە دەتەوێ ببیتە هاوڕێی ئێمە، كە بەبۆنەی ئێمەوە بەهێزبی. باشتر وایـە بـڕۆی بەدوای كاری خۆتدا. ئێمە خۆمان زۆر بەهێزترین و هیچ پێویستییەكمان بەتۆ نییە. یـەك كاتێ دیتی كە ژمارە گەورەكان تەنیا لەبیری خۆیاندان و هەمـوو كـەس و هـەموو شتێكیان بەلاوە سووكە، گوتی:




- ئێوە بەو هەموو گەورەییەوە ئەقڵتان نییە، خۆ من لەبەر خۆم ناڵێم، تەنیا لەبەر ژمارە چکۆڵە چارەڕەشەکان پەنام بۆ هێناون. ڕۆژێك ئەوەتان پێ دەسەلمێنم. ژمارە گەورەکان لەو پرکێش و سووکایەتییەی یەك توورە بوون و هێرشیان بۆی برد، بەڵام ئەو زۆر زیرەکانە خۆی لە دەستیان دەرباز کرد. ماوەیەك تێپەڕی، یەك هەر لە بیری ئەوەدابوو چ بکا؟ تا ڕۆژێکیان بەڕێکەوت تووشی ژمارەیەکی خڕ بوو، کە زۆر کز و خەمبار لە قوژبنێکدا دانیشتبوو. چووە پێشێ و گوتی:




ببووره هاوڕێی خۆشەویست، تۆ کێی و لە کوێوە هاتووی؟ ژمارە خڕەکە بەسەر سوڕمانەوە گوتی:

- من سفرم و خەڵکی ئەم شارەم. بەڵام کەس هاوڕێیەتیم ناکا. چونکە من بێ کەڵکترین ژمارەی شاری ژمارەکانم. من لەگەڵ هەر وشەیەك کۆکەنەوە، هیچ کاریگەرییەکی نییە و نامەوێ ئاوا بێ بەهرەبم.



یەك گوتی: من یەکم، چکۆڵەترین ژمارەی شارەکەم. من پێم خۆشە کەڵکێکم بۆ خەڵك هەبێ. من هەتا ماوەیەك لە مەوبەر پێم وابوو بەهاریکاری ژمارە گەورەکان دەکرێ شارەکەمان ئاوەدان کەینەوە. بەڵام ئیستا دەزانم کە ئەوانە چۆن خۆیان بوونەتە هۆی ئەم هەموو ماڵوێرانییە. ئەم ژمارە گەورانە بەخواردنی ژمارە چکۆڵەکان قەڵەو بوون. فێری زۆرداری بوون و مافی ژمارە چکۆڵەکان پێشێل دەکەن. سفر زۆر دڵشاد بوو لەوەی کە لەگەڵ یەك ببووە ئاشنا.

بەم شێوەیە سیفر و یەك دەستیان دا دەستی یەك و بوونە هاوڕێ.



ئەم هاوڕێیەتییە بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی دوو لەتی دروست بێ کە دە ئەوەندەی یەك گەورەتر بوو. هەواڵی لە دایکبوونی دە دەم بەدەم گەڕا و تەواوی شاری داگرت. تاقمێکی زۆر لە سفرەکان کە نەیاندەویست بێ کەڵك بن لەگەڵیان کەوتن و بوونە هاوڕێی ئەوان. هەر سفرێکیان پێ زیاد دەبوو ئەوان دە بەرانبەر بەهێزتر دەبوون. ژمارە گەورەکان کە زانییان یەك دۆست و هاوڕێی زۆری پەیدا کردووە لەگەڵ ئەوان ژمارەیەکی گەورەیان پێك هێناوە زۆر ترسان. چونکە ئەوان تا ئەو کاتە پێیان وابوو سفر و یەك قەت ناتوانن سەر هەڵێنن و پێی زیادی ڕاکێشن. ژمارە گەورەکان تا ئەو ڕۆژە، هەر کارێکیان پێخۆش بووایە دەیانکرد و کەس نەیدەوێرا هیچ بڵێ، ئەوان هەر لەبیری ئاسوودەیی خۆیاندا بوون و گوێیان لێ نەبوو ژمارەکانی تر چییان بەسەر دێ. بەڵام ئێستا بارودۆخ شێوا بوو.



ژمارە چکۆڵەکان بیریان لە حاڵی خۆیان کـردبۆوە و دەستیـان دابـووە دەسـتی یـەك. ژمارە گەورەکانیش کەوتنە بیرکردنەوە و خەریکی داڕشتنی پیلان بوون. ڕۆژێـك یەك هاوڕێکانی کۆکردەوە و گوتی: تا ئیستا ئێوە نەتاندەزانی چ هێزێکیان هەیە و ئـێستا بۆتان ڕوون بۆتەوە کە لە پەنای هەر ژمارەیەك ڕاوەستن دە بەرانبەر گەورەتری دەکەن، بەڵام ئێوە دەبێ بزانن کە لەوەش بەهێزترین. سفرەکان بەوردی و بەسەرمانەوە گوێیان گرتبوو. یەك درێژەی بەقسەکانی دا سفر لە هەر ژمارەیەك بدرێ ئەو ژومارەیە لەنێو دەبا. هەڵبەت بۆیە ئەو قسەیە دەکەم دەمەوێ چاکتر خۆتان بناسن و بزانن ئێوە نەك بێ هێز نین بەڵکو زۆریش بەتوانان. بەڵام نابێ لەم توانایی و هێزەی خۆتان بێ هۆ کەڵك وەرگرن. یەك زانیبووی کە ژمارە گەورەکان بۆسەیان بۆ ئەو و هاوڕێکانی داناوە و دەیانەوێ هەڵمەتێکی توندوتیژیـان بـکەنە سـەر. هـەر بـۆیە هـەموو هـاوڕێکانی کۆکردەوە و گوتی: ئێمە هیچ کـات نـامانەوێ زیان و ئازار بە کـەس بـگەینین، بـەڵام هێندێ جـار ناچارمان دەکەن، چـونـکە ئـەگەر بێدەنگ دانیشن و هیچ نەکەین، ئەوان ئێمە لەنێو دەبەن.




جاران سەردانەواندنی ژمارە چکۆڵکان بۆ ژمارە گەورەکان لە ترساندابوو، بەڵام ئێستا ئەوان یەك و سفرەکانیان بەدۆست و هاوڕێی خۆیان دەزانی و لێیان نەدەترسان. دوای ماوەیەك شەڕ و پێکدادان، ژومارە گەورەکان هیچیان پێ نەکرا و بەزین. یەك و سفرەکان دوای، گەڕانەوە بۆ شارەکەیان و ئاوەدانیان کردەوە و جێژنی سەرکەوتنیان گرت. ئێستا کاتی ئەوە بوو یەك و سفرەکان قسەکانی خۆیان بەرنە سەر و بیر لە ئاوەدانی و حەسانەوە بکەنەوە. بەختەوەری هات، شار ئاوەدان بۆوە. ژمارەکان ئازاد بوون یەك و سفرەکان بەئاواتی دڵیان گەیشتن.



پاشان سفرەکانی بەچەند دەستە دابەش کرد و هێرشیان بردە سەر شارەکە. ئێستا کاتی ئەوە بوو کە سفەرەکان ژمـارە گەورەکـان چاو تـرسێن بکـەن. سفـرەکان خـۆیـان دەدا بـە ژمـارە گەورەکـانـدا و فرێیان دەدانە پەنا و پەسیوانەوە، ژمـارە گەورەکـان هێشتا هیوادار بـوون یەك و هاورێـکانی ببەزێنن. بـەڵام ژوماره چکۆڵـەکانی نێو شـار کە لە دەست ژمارە گەورەکان وەزاڵە هاتبوون چوونە ڕیزی سفر و یەکەکانەوە.
ژمارە گەورەکان بەتەنیا مانەوە. گروپێکی زۆر مەزنـی ژمارەیان لـەهـەمبەر خۆیاندا بینی.



# کۆتایی




زنجیرە کتێبی
1
چیرۆکە ئەمرەکان
بەرگدرووە بچووکەکە
وەرگێرانی: ئەمیر حاجی داود





زنجیرە کتێبی
2
چیمەن کاوێس
ئەسپە باڵدارەکە
وێنەکێش: ئاریان سەرسام





زنجیرە کتێبی
3
و: ئەمیر حاجی داود
بەرگدرووی کۆشک
وێنە بەدەستکاری: عادل زرار


5
مەغدید رەواندزی
خۆشەویستیی نیشتمان
وێنەکێش: شێروان موحسین

4
ئیبراهیم ئەمین باڵدار
سەیران
وێنەکێش: شێروان موحسین

6
یەککگرتن
وێنەکێش: شێروان موحسین

زنجیرە کتێبی
7
و: دلاوەر قەرەداغی
شێر و کوڕە بچکۆلە
وێنەکێش: دلشاد عەلی